## زەکەریا.. یەکەم جارە بێزم لە نوسین بێتەوە.. رزگار سەلیم

کاتی خۆی کە لە تورکیا بوم و دەمویست بە قاچاغ بێم بۆ ئەوروپا، زۆر وتاری بێ شەرمانەم لە رۆژنامەکانیاندا لەسەر گۆرانی بێژو هونەرمەندەکان دەخوێندەوە، من نەم دەزانی، بەلاّم لە خەلّکی ئەستەمبوّلم دەبیست کە هەر گۆرانی بێژو هونەرمەندێک کۆمەلّێک نوسەرو رۆژنامە نووسی بەکرێ گرتوە تا بە بەڕن و بالایاندا هەل بدەن لەو هەوالانەی ئەو کاتە بەبیرم دێت مەسەلەی (برایم تاتلی ساز) و کرینی هەلیکۆپتەرەکەی بو، مەسەلەی سک پر بونی (هۆلیا) بوو لە کەسێکی نەناسراو کە چۆن بە شانو بالی کۆپتەرەکەی برایمیاندا هەلدەگوت چۆن بە شان و شەوکەتی کورە جوامێرە باوک نەناسراوەکەی هۆلیایاندا هەلدەگوت، لەوکاتەدا بەدەیان سوالکەرم لەسەر شەقامەکاندا دەبینی خەلکی برسیم دەبینی لەبەردەم چێشتخانە رازاوەکاندا سوالی پارووێ نانیان دەکرد لە مەیدانی کار کردنی (ئاکسەرای) سەدان کەس بە هەناسەی سارد بە بێ کاری دەگەرانەوە مالەوە، سەدان مندالی چاو گەشم دەبینی لە تەمەنی گولدا لەبەر هەژاری خێزانەکانیان لە شەقامەکاندا گولە بەرۆژەو پاکەت و عەلاگەیان دەفرۆشت سەدان ئافرەت لەبەرنەداری رویان کردبوە لەش فرۆشی و بە ئاشکرا لەسەر شەقامەکاندا دەبینران، لە دلی خۆمدا دەموت ئافەرین کاکی هونەرمەند ئەوە کۆمەلگاکەت بێ و وەرە لاف لەسەر ئەم خەلکە هەژارە لێبدە و خۆت بەسەروەت و سامانەکەت هەلکێشە خۆت بە کۆپتەرو سەیارەی دوا مۆدێلت هەلکێشەخۆت بە بالە خانەکانت هەلکێشە ئەمە چ هەستێکە گۆرانی پێ دەلێیت، لە ولاتانی رۆژئاوا کە هەژاری هەرگیز لەگەل رۆژهەلاتا بەراورد ناکرێ کەچی سەدان هونەرمەند پارەو سامانی خۆیان بە سەر هەژاراندا دابەش دەکەن و لە کاری خێر خوازی ومرۆڤایەتیدا سەرفی دەکەن، کەچی برایم دەلێ (هەژار خوا دروستی کردوە من بۆ یارمەتیان بدەم)، وای لەبەر ئەو قسە قێزە ونە،

بە هەرحال ئەوە کێشەی ئێمە نیە، مەبەستم لە وتاری کوردێک ی مالپەری کوردستاننێتا کەرۆژی ٦. ٢. ٢٠٠٦ رایچلەکاندم، گوتم خوا نەکا زەکەریای ئێمە با وەکو لەبەردەنگ خۆشیەکەی چاوپۆشی لەوە دەکەین ئاوازی تورکی و تیپی مۆسیقای تورکی دەهێنێتە کوردستان لاسایی کلیپی تورکی دەکاتەوە لەمەدا ئازادە، بەلام دوای خوێندنەوە وتاری زەکەریا ئەوانیتر کەی لە تۆ دەچن ئەوەم بە خەیالدا هات تۆ بلێی مەسەلەی بەکرێ گرتنی نوسەرانیش (بەمە بەستی پیا هەلگوتن) وەکو شتێکی تازە لە تورکیاوە بهێنێتە کوردستان؟ زەکەریا بمبورە هەکەسێک وتارەکە بخوێنێتەوە ئەم غایەلەیەی لەلا دروست دەبێ، ئەگینا بۆچی کاکی نوسەر ناوی خۆی ناهێنێ؟ئێنجا با بێینە سەر وتارەکە. نوسەر بەراورد ی زەکەریا لەگەل گۆرانی بێژی دیکە دەکات دەلێ (ئەوان بەیانیان دەچنە نانەوا خانە بۆ دو نان وەرگرتن) بەلام تۆ نا، وەک ئەوەی نان کرینی بەیانیان شورەیی بێت و کاری مرۆڤی پلە دوو سێ بێت، (ئەوان وەک تۆ نین، ئەوان بۆ موعامەلاتی دا ئیرەیەک بە چەندین سەعات لە رێزدا دەوەستن) بەلام تۆ نا، من نازانم ئەمە مەدحە یان سوکایەتی پێ کردنە، باشە ئەگەر کەسێک لە کاری دایەرەدا لەریزدا نەوەستێ، مانای چیە؟ یان ئەوەتا واسیتە ی هەیە، یان ئەوەتا بێویژدانەو لە کاتێکدا دەبینی خەلک هەموی وەستاوە کەچی خۆی دەکا بەزورا، (ئەوانی تر توشی دەیان شەر دەبن لە سەرەی بەنزیندا) بەلام تۆ نا، جا باشە ئەگەر زەکەریاش وەک ئەوانیتر پارەی نەبوایە بەنزینی قاچاغ بە جەلیکانە لەسەر

شۆستەی شەقامەکاندا بە چەند قاتی نرخی خۆی بکرێ، ئاخۆئەویش ناچاری دەیان شەرە شەق نەدەبولەسەرەی بەنزیندا؟؟ عەیبی چی لەوەدایە

(ئەوان وەک تۆ نین، ئەوان هەمیشە کرێ چی و تۆش خاوەن سەدان مولکی بە ئاسمانداچوی) بەراستی زۆر شورەییە پێوانەی هونەرمەندێک بە مولک و سامانەکەی بکرێت، ئەمەیان رێک لە پیا هەلدانی نوسەرە بە کرێ گیراوەکانی برایم دەچێ، لە رۆژنامە تورکیەکاندا. (هەندێکی تریان ویستیان بە قاچاغ ولات بە جێ بهێلن، هەندێکیان بونە خۆراکی قرش لە ئیجەدا) یەکێ ئەمە بخوێنێتەوە و نەمان ناسێ وادەزانێ ئێمە بەدرێژایی تەمەنی خۆمان لەناو دەولەتێکی ئازاد و یاساییدا ژیاوین، کاکە (کوردێک) لە سیاییەکانت لە نوسەران و هونەرمەندانت لە سەدان هەزار کەسی هەندەرانت ئاخۆ چەندن ئەوانەی بە رەسمی چونەتە دەرەوە؟ دیارە زەکەریا بە فرۆکەوە لە کوردستانەوە بۆ سوید فریوە؟؟؟؟؟

یەکەمجارە ببینم کەسێک خۆشی لەوە بێ کەسە هەژارو سەرهەلگرتوەکانی میللەتەکەی لە دەریای ئیجەدا بخنکێن. یەکەم جارە لە ژیانی خۆمدا نوسینێک بخوێنمەوە و بێزم ببێتەوە!